# قرتاندنی بڕگەیەکی مێژوو

## ئەمجەد شاکەلی

ئەم پاش نیوەڕۆیە، یەکێکم لە کۆنە شاگردانی خۆم، کە پێش دە دوازدە ساڵێک، لە یەکێک لە خوێندنگەکانی شاری ستۆکهۆڵم کۆمەکی زمانی سوێدی و وانەکانی دیکەم دەکرد، تووشبوو. ئەو خەڵکی باکووری کوردستانە. لەگەڵ هاوڕێیەکی تورکیدا پێکەوە ڕاوەستابوون. سلاوێکم لێکردن و لێیان تێپەڕیم. پاش تۆزێک گوێم لێبوو، لە پشتمەوە بانگم دەکات. کە ئاوڕم دایەوە گوتی: مامۆستا کوردستان ئازاد بوو! گوتم: چەوا! گوتی: جەلال تاڵەبانی، بوو جمهوور باشقان[1]! گوتم: ڕاستە، لێ ئەو نەبوو جمهوور باشقانی کوردستان، ئەو بووە جمهوور باشقانی عیراق!

*****

پێموانییە هیچ کوردێک هەبێت پێی ناخۆشبێت، کوردێک ببێتە نەک هەر سەرۆکی عیراق، بەڵکە سەرۆکی حەبەشە و پەنەما و چین و هەرجێیەکی دیکەی ئەم جیهانە. بەڵام بەڕاستی سەرۆک بێت و دەست و پێی نەبەسترابێتەوە و کاری پێ بکرێت. سەرۆکی عیراقی ئێستا، لەگەڵ شای سوێد و سەرۆکی ئیسرائیل و سەرۆکی فینلاندا، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و تەنێ کار و پۆستێکی ڕەمزییە و چ دەسەلاتێکی نییە. من لەم قسەیەم، خودانەخواستە، مەبەستم کەمکردنەوەی نرخ و بایەخی سەرۆکی ئێستای عیراق نییە، بەڵکە تەنێ ڕاستییەک دەخەمە ڕوو، کە نەک هەر من،  بەڵکە هەموو خەڵک دەیزانن.

*****

ئەوەی تەماشای میدیاکان و کەناڵی تەلەڤزیۆنی کوردسات بکات، دوو ڕۆژە لە شایی و گۆڤەند و فیقوفاقی ئۆتۆمبیل و گەڕانی نێو شار و سەر جادە و خرۆشانی خەڵکی شارەکانی کوردستان و پەڕۆی کەسک و وێنەی جەلال تاڵەبانی زیاتر شتێکی دیکە نابینێت. پەیتاپەیتا و سەدان جار وێنەی جەلال تاڵەبانی، لە سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵییەوە تا دەگاتە ئەوڕۆی، پێشان دەدرێت و مێژووی ژیانی باس دەکرێت و دەخوێنرێتەوە. وەک سیاسییەکی لێزان و خودان ئەزموون و کارا و بیریار باس دەکرێت و پێشان دەدرێت. لە تەواوی  ئەو مێژووەی ژیانی تاڵەبانیدا، کە میدیاکان دەیخوێننەوە و پێشانی دەدەن، بەلای تاکە یەک شتدا ناچن و خۆ لە قەرەی یەک شت نادەن، کە ئەویش گرنگترین بڕگەی ژیانی تاڵەبانییە، سالانی 1966-1970، واتە: سالانی پشتکردنە شۆڕشی کورد و  جاشایەتییە. یەک وێنەی ئەو سالانە پێشان نادەن. بە سەر ئەو سالانەدا باز دەدەن و نێویان نابەن و باسیان لێوە ناکەن، وەک بلێی ئەو سالانە لە دەرێی مێژوون و لێی دەرهاوێژراون و سڕاونەوە. مێژووی ژیانی مرۆڤ، هەموو ژیانێتی، لە ڕۆژی زایینیەوە تا ڕۆژی مردنی. دێرۆکی تاڵەبانی، بڕگەی سالانی 1966-1970یشی تێدایە و ناکرێت هەروا بقرتێنرێت و گومناو بکرێت.

---

[1] وشەیەکی تورکییە بە واتای:"سەرۆککۆمار".

مرۆڤ له ژیانیدا هەرچییەکی کردبێت و هەرچۆنێک بیری کردبێتەوە، چاک یا خراپ، ئەوانە دەبنە بەشێک له مێژووی ژیانی. مرۆڤ هەرچەندە له بڕگەیەکی تەمەنیدا هەڵەیش بووبێت و کردەوەگەلێکی کردبێت، که پاشتر به دڵی نەبن و لێیان پەشیمان بووبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە کردەوەی ئەون و هەرگیز ناتوانێت حاشایان لێ بکات. مرۆڤی شۆڕشگێڕ و ڕاستگۆ و بوێر، ئەو کەسەیە ددان به هەڵەی خۆیدا دەنێ و ڕێکوڕەوان باسی هەڵەی خۆی دەکات و خۆی له هیچ کێماسییەکی خۆی نادزێتەوە. ئەگەر جەلال تاڵەبانی و تەواوی دەستەکەی و هەوادارانی، سالانی 1966-1970 به جاشایەتی نازانن و پییانوایه بوونیان له سەنگەری حوکوومەتی عیراقدا دژ به شۆڕشی کوردستان، خەبات بووه و بۆ کورد تێکۆشاون، ئیدی بۆچی باسی ئەو سالانه ناکەن و بەسەریدا باز دەدەن! خۆ ئەگەر ئەو سالانەش به جاشایەتی و ناپاکی دادەنێن، ئەوا با هێندە بوێر بن و به ڕاشکاوی بیڵێن و خۆیانی لێ نەبوێرن.

*****

لەو باسکردن و شاییگێڕانەی میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا و له گوتار و نووسینی ماستاوساردکردنەوە و مەرایی خۆبەڕۆشنبیرزان و نووسەرانی دەسەلاتدا، وا دێتە بەرگوێ و بەرچاو، که زیرەکی و لێوەشاوەیی و سیاسەتزانیی و شایستەیی جەلال تاڵەبانی، ئەوی گەیاندووەتە ئەو پۆستەی ئێستای"سەرۆککۆماری عیراق". پێش هەر شتێک، هەموومان ئەوە دەزانین، که تەواوی دەسەلاتدارانی ئێستای بەغدا و عیراق، به ڤیزە و چرای کەسکی ئەمەریکا دانراون و دادەنرێن و دەستنیشان دەکرێن. پاش ئەوەش دانانی سەرۆککۆمار و سەرۆکی حوکوومەت و پەرلەمان و وەزیر و گزیر و هەموو تێلابەدەستێکی ئەو وڵاتە، به پێکهاتنی حیزب و لایەنه سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکان و به قایلبوونی ئەمەریکا و سیستانی و...دەکرێت، واته: ئەوەی که ئەوان بۆ خۆیان نێوی"تەوافوق"ی لێ دەنێن. ئەگەر دەنگدانێکی ڕاستەوخۆ و هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆی سەرۆککۆمار یا هەر پۆستێکی دیکەی ئەو وڵاتە"عیراق" کرابا و خەڵک دەنگیان به کەسەکان دابا و له نێوان چەند کەسێکدا یەکێکیان هەڵبژێردرابا، ئەودەم دەکرا باسی لێوەشاوەیی و گەلێری و کاریزما بکرێت. نەک ئێستا، بەڵکه هەر دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی عیراق، باسی دانانی جەلال تاڵەبانی به سەرۆککۆماری عیراق، له ئارادا بوو و هەر لەودەمییەوە نێوزەد کراوە. پاش ئەوەش بۆ پشتگری و کۆمەک و پشتیوانیکردنی تەواوی هێزەکانی کوردستان و خەڵکی کورد، به هەموو توێژ و چین و جیاوازییەکانییەوە له دانانی تاڵەبانیدا به سەرۆککۆمار له یاد بکرێت و تەواوی ئازایەتی و لێهاتوویی و کاراییەکه بۆ تەنێ تاڵەبانی و یەکیەتیی نیشتمانیی بگێڕدرێتەوە!

*****

کێ حەز ناکات کورد هەمیشه له شایی و کەیف و خۆشیدا بێت، لێ نەک بۆ هەموو شتێک هەڵپەڕێت و سەرچۆپی بگرێت و شایی بکات. لەم شایی و شایلۆغان و بەزم و هەرایەی کوردستاندا، لەگەڵ هەر کەسێکدا قسه دەکرێت و هەر کەسێک دەمدەکاتەوە، هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی به خۆشترین ڕۆژی ژیان و ڕۆژی لەدایکبوون و سەرکەوتنی کورد و...دادەنێت. ئەو خەڵکه بۆ

**هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقیش هەمان شتیان دەگوت و هەمان کاریان دەکرد، وەک بڵێی کورد لە هەڵپەڕکێ زێتر هیچی دیکەی نییە. خۆزگە ئەو خەڵکە هەرچی وزە و توانست و کەیفیان هەیە، تەرخان دەکرد و هەڵیاندەگرت بۆ ڕزگاربوونی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆککۆماری کوردستان و یەک ڕێزەیان لەو وزەیە، لە پێناوی عیراق و عیراقییەتیدا بە سەرۆککۆمارییەکیشییەوە، بە فیڕۆ نەدەدا.**

2005/4/7